کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 2:39 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هاوڵاتی و کوردستانی نوی وەبیرهێنانەوەی حیکایەتێکی چوار ساڵ لەمەوبەر ... دڵزارحەسەن**



چوارساڵ لەمەوبەر بە هۆی کێشەیەکەوە لەگەڵ ستافی هاوڵاتی " تایمی سەرەکی سلێمانی" رونکردنەوەیەکم بڵاوکردەوە لە شێوەی دەست لەکارکێشانەوە و خستنە رووی هەندێك لەو کێشە ئیداریانەی کە ئەوسا و ئێستای هاوڵاتی تێی کەوتبوو، دوای چەند مانگێك " ئاسۆس هەردی" سەرنووسەری پێشتری هەفتەنامەی "هاوڵاتی" و سەرنوسەری ئێستای هەفتەنامەی "ئاوێنە" لە گۆشەی هەناسەی دوالاپەڕەی هەفتەنامەکەیاندا نووسینێکی سەبارەت بە بێزاری خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی کوردی بڵاوکردەوە. بابەتەکەی ئاماژەبوو بە داخوازی هاوڵاتیانی کوردستان کە خوازیاری ئەوەن لە حاڵی حازردا هێزی هاوپەیمانان و ئەمریکا دەسەڵات لە پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بستێنێتەوە بۆ خاتری ئەوەی ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵیانەی کەهەیە لەکوردستان کەمتر بێتەوە. ئیدی دوای ئەوە خورشت کەوتە گیانی ئازادجوندیانی بەرپرسی ناوەندی راگەیاندنی "ی. ن. ك" و لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا وەڵامێکی هەرەشە ئامێزی بەرامبەر نووسینی سەرنووسەرەکەی هاوڵاتی دایەوە. منیش بەو پێیەی ئەوکات زۆرێك رەخنە و گلەییم لە ستافی هاوڵاتی و ئەو زمانە حیزبیەی کە رۆژنامەی کوردستانی نوی پێیدەنووسی هەبوو، بۆیە نووسینێکم لە ژێر رۆشنایی ئەو دەردەشەیەی نێوان جوندیانی و ئاسۆس بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوی نارد. هەرچەندە چەند رۆژێك بابەتەکەم لە بڵاوکردنەوە دواکەوت، بەڵام خۆشبەختانە بەبی دەستکاری وتارەکەمیان بڵاوکردەوە کە زۆرێك تێبینی و رەخنە لە سەر ئازاد جوندیانی و ئاسۆس هەردی و هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوی و هەفتەنامەی هاوڵاتی تیادا بوو. پاش ماوەیەك سەردانی شاری سلێمانیم کردو و لەوێندەرێش بۆ یەکەمجار ئازادجوندیانی و ستافی رۆژنامەی کوردستانی نوێم ناسی. ئەو کات شەڕ لە نێوان هاوڵاتی و کوردستانی نوی تا دەهات گەرمتر دەبوو. مام جەلالیش لە دیدارێکی رۆژنامەگەریدا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سازیدابوو، ناوی هەفتەنامەی هاوڵاتی زۆر بە خراپ بردبوو. ئەم لێدوانەی تاڵەبانی خەندەقی ململانێیەکەی لە بەرژەوەندی کوردستانی نوێوە گەرم ترکرد. منیش بەو پێیەی تەنها کەسێك بووم کە زۆرێك زانیاریم لە سەر کارە نا ئیداریەکانی هاوڵاتی بڵاوکردبۆوە و ماوەیەکیش بوو لەگەڵ ستافی هەولێری هاوڵاتی کارم دەکرد، ئەوە بوو هەریەك لە توانا ئەحمەد و جەمال حوسێن دیدارێکی رۆژنامەوانییان لەگەڵ سازکردم بۆ خاتری ئەوەی لە رێگای ئەم چاوپێکەوتنەوە مەرامەکانی خۆیان دژ بە هاوڵاتی بەرجەستە بکەن. دیدارەکەمان یەك سەعاتی خایاند، بەڵام خۆشبەختانە ناوەرۆکی هەقپەیڤینەکەمان بەو شێوەیە نەکەوتەوە کە ئەوان دەیانویست. ئیدی ئەمانیش نەك هەر بڵاویان نەکردەوە بەڵکو دواجار کاسێتەکەشیان گومکرد. لێرەدا هەندێك لەم بۆچوونانەی خۆمتان بۆ دەنووسمەوە کە لە دیدارەکەدا دەرم بڕیبوون. سەبارەت بە گەندەڵیە ئیداریەکانی ناو هاوڵاتی وتوومە "من پێم وایە هەفتەنامەی هاوڵاتی تاکە رۆژنامەیە کە خەڵکی ئێمە لەرێگایەوە بە سەرچاوەی زانیاریەکان بگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاری ئیداری و رۆژنامەوانی و هەیکەلیەوە ئەم هەفتەنامەیە وەك زۆرێك لەم دەزگایانەی ناوەخۆ تووشی گەندەڵکاری هاتووە. بۆیە هەمیشە رووی رەخنەم دەگرتە ئەم هەیکەلە گەندەڵکارە نەك لە نەهج و ئیشکردنی میدیایەوە". لە شوێنێکی دیکەوە لە بارەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە کە دەیانگوت بۆ داوایان لەسەر نانووسیت لە دادگا وەکو مافخوراوێك، منیش وتوومە" ئامادەنیم دەزگایەك و رۆژنامەنووسێك و کەسێکی هاوپیشەی خۆم ئەگەر ئاکارەکانیشم بەدڵ نەبێت لەگەڵ ئەوەدا بچم لە دادگایەك داوای لەسەر بنووسم کە یاساکانی هی سەردەمی بەعس بن" لە رووی جیاوازیکردنیش لە نێوان میدیای ئازاد و سەربەخۆ و حیزبی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئۆرگانیەوە پێم وتن "لە هیچ کاتێك ئەو هەڵسەنگاندنانە راست دەرناچن گەر پێیان وابێت راگەیاندنی حیزبی و ئۆرگانی لە ئەهلی و سەربەخۆکان ئەکتیڤتر و تەندروستترن، بۆیە هەمیشە لایەنگری میدیای ئازاد و ئەهلی دەکەم نەك حیزبی و ئۆرگانی" بێگومان ئەمانە بەشێك بوون لە ناوەڕۆکی دیدارەکەمان کە سەبارەت بە هەفتەنامەی هاوڵاتی و کێشەکانی لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوی سازکرابوو. دیارە ئەو کات و ئێستاکەش هەمیشە رەخنەم لە هەیکەلی ئیداری هاوڵاتی و ئەو فۆرمە رەقەی کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکانی دەیانکرد هەمبووە، کە لە رابردوو و حاڵی حازردا لەگەڵ ستافەکەیدا دەیکات بە تایبەتی رۆژنامەنووسانی " شاری هەولێر" کە تا ئەم ساتەش نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەم کارمەندانەیان بی کێشە کارەکانیان راپەڕێنن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ کاری میدیایی کە کارێکی دەستەجەمعییە نەك ستوونی تۆتالیتاریانە، بەڵام ئەو ئاکارە ئیداریەی کە هاوڵاتی پێی هەڵدەستێت زیاتر لە ئەخلاقیاتێکی سەربازگەیی دەچێت، نەك میدیایی. بۆیە لێرەدا هەردوو پێکهاتەی هاوڵاتی و کوردستانی نوی لە رووی هەیکەلەوە دەکەونە نێو یەك خانەی شرۆڤەکردنەوە، بەومانایەی لەرەوتێکی سیاسی بەلشەفیانە دەچن، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ یەك ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی، ئینجا ئەم رۆئیایە چ سیاسی یان ئەخلاقی و کلتوری و کۆمەڵایەتی بێت گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەردوو پێکهاتەکە هەمان وێناکردن و رەهەندی خۆ تەریککردن وەردەگرن لە هەر ئەگەری نوی بوونەوە و تازە کردنەوەیەك لە نێو هەیکەلی ئیشکردنیاندا، ئەم لاتەریك بوون و جۆرە دیدانە دەگەڕێتەوە بۆ فکری خۆ سەپاندن و خۆ بە راستزانین لە چاو بوعدەکانی دیکەوە. هەڵبەتە ئەم یەك دیدگایەش بەدەر لەوەی کوشندەترین با هۆزی دژ بە دنیای رۆژنامەگەرییە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك بەها و میسداقیەتی کاری میدیایش دەشێوێنێت، شێواندنێك کە بارتەقای کودەتایەکی سەرنەکەوتوو پاشماوەکانی زیان بەخش دەبەن بۆ ئەو جۆرە واقیع و کۆمەڵگایانە. لەم سۆنگەیەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە هەردوو رۆژنامە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچنەوە هەمان بازنەی رەخنە لێگرتنەوە، رەخنەیەك کە دواجار قسە لەسەر هەم جیاوازیەکانیان و هەم لێکچونەکانیان بکەین. لێرەدا بۆخاتری ئەوەی چیتر درێژە بەو حیکایەتە نەدەم کە میکانیزمەکانی رەخنە لێگرتنی هاوڵاتی و کوردستانی نوێم لەلا زیاتر دەکات، راستەوخۆ دێمە سەر ئەو باسە گەرمەی کە ئێستا ئاسایشی سلێمانی و ئەجندای سیاسیانەی رۆژنامەی کوردستانی نوی لە دژی ستاف و هەفتەنامەی هاوڵاتی پێی هەڵدەستن. لە سەرووی هەمووشیاندا کە پێویستە ئێمەی رۆژنامەنووسان هەستی پێبکەین و داکۆکی لێبکەین بێگومان ئەو شێوە و جۆرە شەڕ فرۆشتن و تاوانبارکردنەی هاوڵاتییە کە وا دەری دەخەن ئەو هەفتەنامەیە ئاسایشی ناوەخۆی شاری سلێمانی و کوردستانی بە هەواڵێك خستۆتە خەتەرەوە. کە من پێم وایە ئەم جۆرە هەڵس و کەوتە لەگەڵ راگەیاند و هەواڵ و کاری رۆژنامەنووسیدا لەلایەن ئاسایش و خودی هاوپیشە رۆژنامەنووسەکانەوە لە نێو راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیدا چی کەمتر نییە لەو جۆرە سانسۆکردنە کە رژێمە تۆتالیتاریەکان بەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە دەرهەق بە دەنگە جیاوازەکان و ئۆپۆزسیۆنەکان دەیانکرد. ئەوەی بەلای منەوەش شوێنی لێدوان و هەڵوەستەکردنبێت گومانکردنمە لەو یەکدەنگیەی نێوان ئاسایشی سلێمانی و رۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە ئەمەیان راستەوخۆ دەچێتە خانەی پیلانێکی دیاری کراوەوە لە دژی هەفتەنامەی هاوڵاتیەوە. کە مومکین نییە رۆژنامە بەتایبەتی رۆژنامەیەکی وەك کوردستانی نوی کە مێژوویەکی هەیە و خاوەنی لێشاوێك کارمەندوو رۆژنامەنووس و نووسەری تایبەت بەخۆیەتی و منیش ماوەی دوو ساڵان کارم تێداکردووە ئەوها بە ئاسانی رێگا لە بڵاوبوونەوەی کارێکی رۆژنامەگەریانە بگرێت کە هەموو لایەکمان دەزانین ئەم مۆدێلی کارکردن و هەواڵ دروستکردنە لە زۆربەی زۆری دنیادا باوە. بۆیە کوردستانی نوی کارێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خراپ و نا تەندروست دەكات گەر هەوڵ بۆ سڕكردنی ئەو جۆرە دەنگانە بدات بەناوی " پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیەوە" كە خۆشی دەزانێت كی ئەو ئاسایشەی خستۆتە خەتەرەوە و كێیە هەمیشە بەڵانسەكان دەشێوێنێت. هەر لێرەوەیە هەر شەڕ و بەهانەپێگرتنێك بە هاوڵاتی ئیتر بەهەر هۆكارێك بێت كە ببێتە مایەی داخستنی ئەو هەفتەنامەیە، هەڵبەتە مەترسی ئەو ئاكارە لە دوارۆژدا زیان بەخش دەبێت بۆ ئاییندەی كاری رۆژنامەگەری لە كوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگی سەندیكای رۆژنامەنووسان و رۆژنامەوانەكانیش لە ئاست ئەم جۆرە مامەڵەی ئاسایش و رۆژنامەی كوردستانی نوی لەگەڵ هەفتەنامەی هاوڵاتیدا ئەمەشیان دواجار دەبێتە هۆی خۆشكردنی ئەو رێگایەی كە دەرئەنجام هەموومان لە نێویدا دەخنكێین. چونكە موومكین نییە بە پێدانی زانیاری و گەیاندنی هەواڵ بە هاوڵاتییانی هەرێمی كوردستان لەسەر بوونی جموو جوڵێ تیرۆریستان لە ناوچەكەدا كە مافێكی سادەی خۆیانە بە دەستیان بگات لەگەڵ ئەوەدا تۆ بێت دەنگێكی دیكەی ئازادیخوازانە كپ بكەیت. بێگومان ئەم كپكردنە شێوەیەكی دیكەی خنكاندنی ئەو رەنگ و دەنگە پێگەیشتوانەیە كە دووارۆژ بەهای رۆژنامەگەری لەسەر بینادەكرێت. من قەت نەمگوتووە ستافی هاوڵاتی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و لە شێوەیەی فریشتەدان، بەڵام ئەم بۆ چونەشم ئەوە ناگەیەنێت لە ئاست سانسۆرخستنە سەر ئەو دەنگانە كەیف سازبم، بەڵكو بە پێچەوانەوە پێم وایە ئەم مامەڵەیە هێندە مەترسیدارە وەك ئەوە وایە لە چاوەنواری مەرگی خۆمان و ئازیزانمان دابین. هەر ئەوەشە وام لێدەكات دوا مەترسیش بۆ ستاف و هەڵسوڕێنەرانی كوردستانی نوێش بنێرم كە رۆژنامەكەی ئێوەش وەك بەشێك لە رێڕەوی رۆژنامەگەری كوردی مێژوویەكی هەیە، بۆیە دەڵێم واچاكە ئاگاداری ئەو سەروەریانەی خۆتان بن كە لە رێگای كاری راگەیاندندا بەدەستان هێناوە چونكە ئەو جۆرە رەفتارەتان لەگەڵ میدیای ئازاد و ئەهلی و بە تایبەتی هەفتەنامەی هاوڵاتی دواجار عەرشی راستەقینەی ئێوەش دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.